# سەرنجێك لەسەر تاوانی كوشتنی " دوعا"

پرشنگ ئەحمەد – لەندەن
prshng@aol.co.uk

" مەسەلەی كوشتنی "دوعا" تەنها لە چوارچێوەیەی دیاردەی كوشتنی ژنان لە كوردستاندا وە لە سایەی دەسەڵاتی حیزبە كوردی یەكاندا نیەیە بەڵكو بە هەمان ئەندازە پەیوەندی بە وەزعی داگیركاری عێراق و سەپاندنی ناسنامەی جیاواز خوازی ئایینی ، رەگەزی و نەتەوەیی بەسەر خەڵكی عێراقەوە هەیە كە دواكەوتووترین عادات و تەقالیدی دینی و عەشایری سەدە كۆنەكانی زیندوو كردۆتەوە "

رووداوی بەردەباران كردنی درندانەی "دوعا" لە شاری بەعشیقە ویژدانی هەموو ئینسانێكی خاوەن هەست و ئیحساسی راچڵەكاند ، پێویستە هەموو ئینسانێك كە دڵی بۆ ئازادی و رێز گرتن لە بوونی بەشەر لێدە دا ت ئەم كارە مەحكوم كات و دەسەڵاتدارنی ئەم شارە و حكومەتی مەركەزی عێراق و حكومەتی كوردستان بە بەرپرسیارانی ئەم تاوانە گەورەیە دابنێ بە حەقی ژنان . تاوانبارانی ئەم كارە درندانەیە پێویستە دەست بە جێ دەستگیر بكرێن و لە نێو كۆمەڵگادا ریسوا بكرێن .

هەڵبەت ئاشكرایە كە كوشتنی ژنان دیاردەیەكی بەرچاوی كۆمەڵگای كوردستان بووە و لە 15 ساڵی رابردوودا هەزاران ژن بوونەتە قوربانی ئەقڵێەتی دواكەوتوی ناموس پەرستی و پیاوسالاری و پەیوەندی دواكوتووی عادات و تەقالیدی عەشایەری . بە ڵام لەمەش زیاتر هیچ تاوانێك وەك كوشتنی ژنان ئاسان نەبووە لە كوردستان لە ژێر دەسەڵاتی هەردوو حیزبی یەكێتی و پارتیدا بە شێوەیەك كە تاوانبارنی كوشتنی ژنان بە بێ هیچ لێكۆڵینەوەو سزایەك هەمیشە بۆی دەردەچن و تەنانەت لێرەش لە ئەوروپا لە دوای ئەنجامدانی تاوانەكانیان لە دەست سزای ئەم ووڵاتانە هەڵدێن و رادەكەنە ژێر ئەو حیمایەتەی كە لە كوردستان هەیانە .

بەڵام مەسەلەی كوشتنی "دوعا" تەنها لە چوارچێوەیەی دیاردەی كوشتنی ژنان لە كوردستاندا وە لە سایەی دەسەڵاتی حیزبە كوردی یەكاندا نیەیە بەڵكو بە هەمان ئەندازە پەیوەندی بە وەزعی داگیركاری عێراق و سەپاندنی ناسنامەی جیاواز خوازی ئایینی ، رەگەزی و نەتەوەیی بەسەر خەڵكی عێراقەوە هەیە كە هەم ئەمەریكاو بەریتانیا وە هەم حیزبەكانی نێو دەسەڵاتی حكومەتی مەركەزی و كوردی سەپاندویانە وە لە ئەنجامی ئەمەدا دواكە و تووترین و درندانە ترین عادات و تەقالیدی عەشاریی و دینی سەدەكانی كۆن سەریان دەرهێناوەتەوە و تایفەگەری و شەری رەگەزو دینەكان بوونە تە بەشێكی هەموو رۆژەی ژیانی خەڵك .

كوشتنی درندانەی "دوعا" وە پاش ئەویش گوللە بارانكردنی 21 كرێكاری یەزیدی كارگەی غەزل و نەسیج لەو ناوچەیە نمونەی بەرجەستەی وەزعێكە كە رۆژانە كۆمەڵگای عێراق تێی كە و تووە و ئینسانەكان تێیدا شەڵاڵی خوێن دەكرێن لە ئەنجامی شەری تایفی و قەومی و دینی كە دەستكردی داگیركاری و دە سەڵاتی ئێستای عێراقە بە هەموو باڵە كانیەوە . حەتمەن ئەوە ئاشكرایە كە لەم نێوەدا هەمیشە ژنان یەكەم قوربانی زیندوو بونەوەی عاداتی دینی و عەشیرەتی دواكەوتووە و وەحشیەتی ئەم عادەت و تەقالیدانە بە ئاشكرا بە شێوەی كوشتنی دوعا وە دیارە .

بۆ بنبركردنی دیاردەی كوشتنی وەحشیانەی ژنان ، بۆ دەست كۆتاكردنی دەسەڵاتی دین بەسەر ژیانی ئینسانەكانەوە وە بۆ رێگە گرتن لە دووبارە بوونەوەی تاوانی وەحشیانەی كوشتنی ژنان وەك "دوعا" وە بۆ كۆتایی هێنان بەوەی هەموو رۆژی خەڵكی بێتاوان ببنە قوربانی شەری جیاوازی تایفی و قەومی ، پێویستە كار بكەین بۆ :

1- بەر پرسیار كردنی دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بە حكومەتی مەركەزی عێراق و حكومەتی كوردستانەوە لە كۆمەڵگای نێو دەولەتیدا لەم تاوانە گەورەیە بە حەقی "دوعا" بۆ دەستگیر كردنی تاوانباران و سزا دانیان .

2- کۆتایی هاتن بە داگیرکاری عێراق و بەرپرس کردنی حکومەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە وەزعی خوێناوی خەڵکی عێراق و داوای دەستبەجێ چوونە دەرەوەیان بکەین .

3- داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی مەرکەزی جیاوازخوازی تایفی و قەومی لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی عەلمانی و سیکۆلار کە مافی یەکسانی خەڵك دابین بکات.

4- لابردنی دەستوور و یاسای ئیسلامی ئێستا دژ بە ژنان و ە بەرقەرارکردنی جیایی دین لە دەوڵەت و یەکسانی ژن و پیاو لە دەستووری ئایندەدا .